# ئەرشەد ئاواو لافیتەکانی خانووفرۆشتن

ئا: کاندیش

ئەرشــەدی کوتاڵفرۆش خانوویەکی سەدمەتری بــە کۆنە بلۆك و کەڵەکەتــرێ لە گەڕەکێکی میللی شــاردا بۆ مناڵەکانی دروســت کردبوو، ڕۆژانــە بە بیکابــە تویێتــا فەلاحیەکەیەوە بۆ قوماش فرۆشــتن هەزاران جار بە کۆڵانەکانەوە دەینەڕاندو هۆڕنی لێدەدا، کلاشــینکۆفێکی لە ژێر قوماشــەکاندا شــاردبۆوەو بە هەڵسوکەوتە نابەجێیەکانــی کۆڵانەکەی خۆیانی بە تەواوی بێزار کردبوو، پارســاڵ لە کاتژمێر یازدەو نیوی شــەوێکی زســتانی باراناویدا بە چەکوشێکەوە بەربووەتــە تانکی ئاوەکەیان لە ســەربان، دواتر دابەزیووەتــە خوارەوەو کاشــییەکی مۆزائیکی لە جۆگەی ئــاوەڕۆی کۆڵانەکەیان داناوە، بە هەڕەشــەوە پەنجەی گەفی لە دراوســێیەکانی ڕاوەشــاندوەو پێی وتوون نابێ پاشماوەی ئاوی پیــس و چەوراییی ناندینی هیچ ماڵێك لە پێش دەرگای حەوشــی منــەوە ڕەت بێت، جۆگەی ئاوەڕۆتان بۆ ئەوبەری شەقام بگوازنەوە..

ئیتر سوێندتان لەسەرم نییە، وادیار بوو ئەرشەد، وەك خۆی بە ئاســایی ژیانی نەدەبینی، بۆیە زۆربەی جار ڕۆژانە تووشی شەڕو شووڕ دەبۆوە، هەمیشە سەری بە قەد تەنووری نانەواخانەکەی وەستا خەلیل گەرم بوو، نەك بۆ ئەوەی نانی تێدا ببرژێت بەڵکو بۆ ئەوەی بەشــەڕێکی برژاوەوە خۆی خاڵی بکاتــەوە، هەرچەند لەپێش دەرکی حەوشــە بوایە، هەرچی لەوێوە ڕەت بوایە مۆڕەیەکی لێ دەکــردو خوا خوای بوو ورتەیەك لە زاری ڕێبوارەکانەوە دەربچێت و ئەمیش قینی دڵی خۆی بەسەروپۆتەڵاکیان دەربکات، بەرلەوەی بێتە ئــەم کۆڵانەوە لــە گەڕەکــی (گوێمەدێ) وە دەرکرابوون، پێشتر لەوێش لەسەر جۆگەی ئاوی بەرماڵان شەڕێکی نابۆوەو دواتر بە فیشــەك لاقی دراوســێیەکیانی کردبووە هەلوکی شــکاو، بــە هەنجەتی ئەوەی ئەرشەد پەرکەمی لەگەڵە، کەسوکارەکەی سوڵحی عەشــائیرییان لەگەڵ پیاوەی لاق شکاو کردبوون، ئەوانیش بەو مەرجە لە گەڵیان ئاشت ببونەوە کە لە ماوەی ســێ ڕۆژدا خانووەکەی بفرۆشێت و خۆی و ماڵ ومناڵەکانی لەو کۆڵانە بار بکەن و بڕۆن، ئەو کۆڵانەش ڕزگاریان بێت لەم بەڵای ناگەهانە، ئیتردوای ئەو ڕووداوە

سەرەتا لە دەشتێکی پشت گەڕەکی پیشەسازی سەر ڕێگەی مەخموور بەسەر زەوی وەرزێرێکەوە بە دارو پەردووی کۆنەوە دوو ژووری پێکەوە نابوو، کابرای وەرزێر چەند جارێك داوای لێ کردبوو لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکەی لابچن، تا جارێکیان ئەرشەد پێی وتبوو من ناگوازمەوەو دەتوانیت زەوییەکەی خۆت بگوازیتەوەو چیتــر نەیەیت بەم ناوەدا، ئەگینا بە دەردی کابرای گوێمەدێ لە جیاتی لاقێك دووانت دەشــکێنم، ئەویش لەلای بنکەی پۆلیس شکاتی لێ کردبوو، بەیانییەکیــان مەفرەزەیەکی پۆلیس چوون بۆ ئــاگادار کردنەوەی تــا زەوی کابرای وەرزێر چۆڵ بکات، کەچی ئەرشەد هەر لە دوورەوە ســی فیشەکی بەسەریاندا تەقاندبوو، هاواری لێ کردبوون ئەگــەر نەگەڕێنە دواوە خۆیی و ماڵ و مناڵــی دەکوژێت و گوناحیان لە ئەســتۆیان، تا بێنــەو بەردەیەکی زۆرو هاتنــی موختارو چەند ئەفســەرێك و بەڵێن پێدانی کــە هاوکاری دەکەن تەسلیمی پۆلیس دەبێت و کە دادوەر دەبینێت باری دەروونی شپڕێوە، چەکەکەی دەست بەسەر دەکەن و ڕەوانەی پزیشکی دەروونی و دەماریی دەکەن و لە دوای ماوەیــەك بە کەفالەت ئازاد دەکرێت و ماڵە باوانی هاوکاری دەکــەن تا ئەو خانووەی ئێســتای بــۆ پێکەوە دەنێن، هەمووی ســاڵێك لەو شــوێنەدا بەسەر مانەوەیان تێناپەڕێت تا ئێوارەیەکیان دیســان بە کلاشینکۆفی تازەوە پەلی مناڵەکەی بە دەستەوە دەبێت و دەرگا بــە دەرگای کۆڵان دەکوتێت و هــاوار دەکات ئەوە کێ گوێچکەی مناڵەکەمی بــاداوە، تومەز هەر ژنەکــەی خۆی بە گوێ ئەو مناڵە بەسەزمانەی بەرزکردۆتەوەو بە لێدان بردویەتە ژوورەوەو گوێی شین هەڵگەڕاندووە، کە ئەرشــەد گەڕاوەتەوە ماڵەوە ژنەکەی لە ترساندا نەیوتووە من وام لێ کردووە، بەڵکو بە ئەرشەدی وتــووە ئەمە کاری مناڵ نییە دیارە کەســێکی بەتەمەن گوێی باداوە، ئەویش هەڵتەك هەڵتەك ســەرەتا لە دەرگا ماڵە دراوسێیەکی دەکوتێت و مامۆســتایەکی بە ویقار دەرگای لێ دەکاتەوەو بە ئەرشــەد دەڵێت کاکە ئەمــەی تۆ دەیکەیت بێ دەســەڵاتی خۆتــە نیشــانمانی دەدەیت، نەعەشایەرییەو نەمەدەنییەت، کەی باوی چەك ماوە، ناترسیت ئاسایش بێن ڕاپێچت بکەن و هەر بە چەکەکەی خۆت سەرت بشکێنن، ئەرشەدیش بە تووڕەییەوە چەکی لێ ســوار دەکات و دەڵێت ئاســایش و پۆلیس پێم ناوێرن ئار بی جییان بۆ دەخەمە ســەربان، تۆ جارێ پێم بڵێ کێ گوێی موهەنەدی کوڕمی ڕاکێشــاوە، ئەو مامۆستایە دوابەدوای هەفتەیــەك خانووەکەی خۆی تالان فرۆش کردوو بە پەلە ئەو کۆڵانەی بە جێهێشت، ئەرشــەدیش لەو ڕۆژەوە گەڕەکی لە زەواق ناوەو کەس ناوێرێت تەماشای بکات، بەسەر زۆربەی دیواری خانووەکانەوە لافیتە هەڵواســراوە(( ئەم خانووە بۆ فرۆشتنە)).



# کاتێک یادەوەرییەکانی ڕابردوو لە کچان دەکرێتە هەورێکی ڕەش

ئا: دیار سالار

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕابردوو لە زۆر کاتدا بۆ مرۆڤەکان گرنگە، بەڵام هەندێك جار هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕابردوو ناخۆشی بۆ ئەو کەسە دروست دەکات، بەتایبەتی لە لایەن کچانەوە کە هەمیشە حەز دەکەن لەکاتی خوازبێنیدا لاپەڕەکانی ڕابردوویان هەڵنەدرێنەوە، توێژەرێکی کۆمەڵایەتیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕابردوو لە پێش یان لە کاتی زەواجدا تەنیا لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بوونی هەیە.

### فەرمانبەرێکی هاوکارم درۆی بۆهەڵبەستم

تابان مستەفا عەزیز لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، ئاماژە بەوە دەدات کاتێك داخوازی هاتووە کوڕێکی هەمان فەرمانگەکەی خۆی، درۆی بۆ هەڵبەستووە، وەك باس دەکات کوڕێك داوای دەکات و ئەویش ڕازی دەبێت، بەڵام کوڕەکە دەڵێ بەماڵەوە دەڵێم تا لێت بپرسن، دوای دوو ڕۆژ ماڵی کوڕە لە تابان دەپرسن، بەڵام ئەو پرسینە نابێتە هۆی بەستنەوەی گرێی بەختی ئەو دووانە، چونکە یەکێك لەوانەی پرسیان پێکردووە، خۆی چاوی لە تابان بووە، بۆیە کوڕە تەلەفۆنی بۆ دەکات و دەڵێ دیارە قیسمەت نەبووەو هەر کەسەمان لە ڕێی خۆمان، تابان دەڵێت «بەو قسەیە تووشی شۆك بووم، چونکە کوڕە خۆی وتی من لێتم پرسیوەو باش دەزانم چۆنی؟ بۆیە کەوتوویتە دڵمەوە، کەچی ئێستا بۆ پەشیمان بۆتەوە؟ سەیر بوو هەر وتم بۆ، هیچ قسەی نەکرد و پاش پاڕانەوەیەکی زۆر، ئینجا وتی کەسێکی فەرمانگەکەتان بە خراپ لای براکەم باسی کردووی».

### حەز ناکەم کەس پرسیاری ڕابردووم بکات


ئاساییە کچان لەوە بترسن کە بوختانیان بۆ هەڵبەستن، لەوانەیە هەندێك لە کچان لە ڕابردووی خۆیان بترسن بەوەی کە هەڵەیەکیان کردووە، ئەوەتا سەوسەن کچێکی فەرمانبەرە، ئاماژە بەوە دەدات کە ماوەیەکی درێژ لەگەڵ کوڕێکی فەرمانگەکەیان پێوەندی خۆشەویستی هەبووەو دواتر ئەو کوڕە خیانەتی لێکردووەو نەیهێناوە، ئێستاش هەموو فەرمانگە بەو پێوەندییە دەزانن، ئەو کچە دەڵێت «زەندەقم چووە، ئەگەر کەسێك بێتە خوازبێنیم و لێرە لێم بپرسێ بێگومان ڕابردومی بۆ باس دەکەن و نایەوێم، بۆیە ئەو کچە دەڵێت «تەمەننا دەکەم کەسێك هەر لێم نەپرسێت».

شادان کەمال قوتابییە لەزانکۆی جیهان دەخوێنێت، ئەو لای وایە گەڕانەوە بۆ ڕابردوویان کێشەی گەورە بۆ کچان دروست دەکات، بەتایبەتی ئەو کچانەی لەدەرەوەی ماڵی خۆیانن، وەك قوتابیەکانی کۆلێژ، بەو پێیەی کە ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤەکان بەو شێوەیە نییە و ناتوانن هاوڕێیەتی یەکتر بکەن، هەمیشە بەدوای ئەوەوەن چۆن بتوانن سووکایەتی بەیەکتر بکەن و زەفەر بەیەکتر ببەن». ئەو قوتابییەی زانکۆ، هیواشی وابوو هەر کوڕێك بچێتە داخوازی کچەکە با بەدڵی خۆی بێت، نەك بەقسەی خەڵك هەموو شتەکانی لێ تێك بچێت».

### کچێکی هاوڕێم بوختانی بۆکردم

ئیڤان جەمال، ئەوە دەخاتەڕوو کە ئیرەیی لە نێو کچان دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە داخوازی لەیەکتر تێك بدەن، ئەو کچە باس لە خوازبێنییەکی خۆی دەکات، کاتێك خوازبێنی دێت کوڕەکە لە هاوڕێیەکی کچی نزیکی خۆی دەپرسێت، هاوڕێکەی «هەزار بوختانی بۆ هەڵبەستبووە». ئەو کچە دەڵێت «نازانرێت چیم بەرامبەر وترابوو، ئەگەر کچێك بەراستی کاری نابەجێی بکردایە لە من باشتر بوو». ئیڤان هۆکاری ئەوەی بۆ ئیرەیی دەگەڕێنێتەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئیرەیی وای لەو هاوڕێیەی کردبوو ئەو قسانە بکات، ئەگەرنا خۆ منی دەناسی، مەبەستی چی بوو، بۆ لێمی تێکدا، چ سوودی بۆ ئەو هەبوو». ئیڤان هەروەها دەڵێت «دواتر پێم زانی هەزار قسەم بەو هاوڕێیەم وت و وتم ئەگەر من وابم تۆ لە من خراپتری ئەگەرنا بۆ لەگەڵ من دەگەڕێیت؟، لەگەڵ ئەوەش ئەو هەر ئینکاری کردو وتی: من وام نەوتووە، بەڵام کوڕەکە قسەکانی تۆمار کردبوو، هەمووی خۆم گوێم لێبوو"، هەروەها جەختی کردەوە کە «کچان بە هۆی ئیرەییەوە برادەرەکانیان ناشیرین دەکەن».

بەبۆچوونی دلڤین حەسەن توێژەری کۆمەڵایەتی، ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ کەلتورێکی کۆنی بێ مانای نەشیاو کە هەموو سەرچاوەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ بیرێکی دواکەوتوو، کە لەناخی خۆیەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی قسەی کەسانی دیکە». ناوبراو ئەوەشی وت «ئەمە تەنیا لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بوونی هەیە، ئەگینا ناگونجێت تۆ کەسێکت خۆش بووێت و بیکەیت بە هاوسەری دوارۆژی خۆت، کەچی بێیت و بەدوای ڕابردووی بگەڕێیت و سەر لەخۆت و لەویش بشێوێنیت».



# دوو تاوانبار بەتۆمەتی کوشتن دەستگیر دەکرێن







دوو تاوانبار بەتۆمەتی کوشتنی کەسێك دەستگیر دەکرێن کە یەکێك لەو دوو تاوانبارە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کوژراوەکەدا هەبووە، لەچەند ڕۆژێك بەر لەڕوودانی تاوانەکە لەرێگەی هەولێر موصل بەیەك گەیشتوون لە ئەنجامدا بووە بە شەڕیان، دوای چەند ڕۆژێك لەنزیك گوندی گەزنە بەیەکتر دەگەنەوەو لەئەنجامدا یەکێکیان دەکوژرێت، دواتر بۆ ناوچەیەکی دەرەوەی دەسەڵاتی پۆلیسی هەولێر هەڵدێن، بەڵام بەهەوڵی بەردەوامی کارمەندانی پۆلیس توانرا تاوانباران دەستگیربکرێن و بەفەرمانی دادوەر بەندبکرێن. لەمبارەیەوە بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەگوڵانی ڕاگەیاند: دوو تاوانبار بەناوەکانی (س.ح.م) و لەگەڵ (ن.م.ح) لەلایەن هێزکانی پۆلیسەوە دەستگیرکران دوای ئەوەی تاوانباران ویستبوویان بۆ دەرەوەی کوردستان هەڵبێن، تا ئێستاش لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕووداوەکەوە بەردەوامە».

**بەهۆی تیژڕەوی شۆفێرێکی پیاوەوە**

# خانمێکی شۆفیر گیان لەدەست دەدا

ڕۆژی دووشەمە ٢٠١١/١٠/٢٣ لەلایەن بنکەی پۆلیسی ئاشتی، پۆلیسی هەولێر ئاگادار دەکرێتەوە بەرروودانی ڕووداوێکی هاتووچۆ، کاتێك گەیشتونەتە شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت شۆفێرێك بەهۆی تیژڕەوییەوە خۆی لەئۆتۆمبێلی ئافرەتێك داوە و لەئەنجامدا ئافرەتەکە گیانی لەدەستداوە. نەقیب کاروان لەبەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بەوەشدا کە شۆفێرەکە مۆڵەتی لێخورینی نییە، بەفەرمانی دادوەر دەستگیرکرا.





# شۆفێرێک پیرەمێردێک

ڕۆژی یەك شەممە بەرواری ٢٠١١/١٠/٢٢ شۆفێرێك لەپیرەمێردێك دەداو دواتر تەرمەکەی فڕێ دەدات. لە ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە گوڵان ڕاگەیانرا: لەلایەن بنکەی پۆلیسی حەدیاب ئاگادارکراینەوە کە لە ئاکامی ڕووداێکی هاتووچۆ لەسەر ڕێگای نێوان هەولێر عەنکاوا، شۆفێری ئۆتۆمبێلی جۆری (کیا)

# کرێکارێک خۆی دەکوژێت



رۆژی دووشەمە ٢٠١١/١٠/١٧ پۆلیسی هەولێر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان ئاگاداردەکرێتەوە بە ڕوودانی حاڵەتێکی خۆکوشتن لەناو یەکێك لە بەنزیخانەکانی هەولێردا، گوڵان بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە پێوەندی بە بەشی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێرەوە کرد و لەمبارەوە بە گوڵانیان ڕاگەیاند کە ئەو کرێکارە لەیەکێك لە بەنزیخانەکانی هەولێر کاری دەکرد، لە ئۆفیسی بەنزیخانەکە بە دەمانچە گولەیەکی بەخۆیەوە ناوەو خۆی کوشتووە، دوای وەرگرتنی قسەی شاهید حاڵی ڕووداوەکە، لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکاری خۆکوشتنی ئەو کرێکارە لە پۆلیسی هەولێر بەردەوامە.

## بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە لەگەڕەکی مەلایانی هەولێر

# منداڵێک گیانی لەدەستدا

رۆژی سێشەممە (٢٥ی تشرینی یەکەم) بەهۆی ڕووداوی ئوتۆمبێلەوە منداڵێك لەگەڕەکی مەلایان گیان لەدەست دەدات و لەمبارییەوە پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بەوەدا کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری لاندکرۆز منداڵێکی تەمەن ١٠ ساڵانی بەناوی (محەمەد صالح ئەکرەم) کردووە بەژێرەوە و لەئاکامدا منداڵەکە گیانی لەدەست داوە، بەفەرمانی دادوەر شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە بەندکراوە.





# دەکوژێت و فڕێی دەدات

لەپیرەمێردێکی داوەو دوای ئەوەی کە بردویەتیە ناو ئۆتۆمبێلەکەی ڕۆیشتووە و دوای چەند کاتژمێرێك لەلایەن بنکەی پۆلیسی کەسنەزان ئاگادار کراینەوە کەوا تەرمێکیان دۆزیوەتەوە، بەمەش دەرکەوت دوای ئەوەی شۆفێرەکە پیرەمێردەکەی خستۆتە ناو ئۆتۆمبێلەکەی، لەرێگای کەسنەزان بنەسڵاوە تەرمی پیرەمێردەکەی فڕێداوە.

# بەهـــۆی

**دایکی یوسرا بۆ گوڵان:**

**ئەمڕۆ منداڵی من بەو شێوازە لە ناوچوو لە داهاتوو منداڵی تریش بەهەمان جۆر دەڕوات، ئەگەر بێت و ئەو بارودۆخە کونترۆڵ نەکرێت، ئەوا لەسەر دەستی ئەو ڕاگەیاندنانەوە منداڵانی هەموو کوردستان تووشی پەروەردەیەکی ناتەندروست دەبن.**



**هۆیەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری دوولایەنەیان هەیە، ئەگەر زۆر بەدروستی بەکار نەهێنرێن، ئەوا هەندێك جار دەرهاویشتەی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە گرنگە هۆیەکانی ڕاگەیاند ئاگاداری ئەوە بن کە بەرنامەکانیان یان ئەو فیلم و درامایانەی پەخشی دەکەن، نەبنە سەرچاوەی توندوتیژی یان بەرهەمهێنانی ڕەفتاری توندوتیژی، ئەم ڕووداوە کە لەسەرەتای خوێندنی ئەمساڵ لە کوردستان ڕوویداوە، کارەساتی یەکێك لە منداڵە جوانەکانی کوردستانە کە بەهۆی لاساییکردنەوەی کاراکتەرێکی نێو درامایەکی دۆبلاژکرا و بۆسەر زمانی کوردی کە لەیەکێك لە کەناڵە ناوخۆییەکانی هەولێر پەخشکراوە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی گیان لەدەست بدات. یوسرا لە یەکەم ڕۆژی خوێندنی ئەمساڵ دوای ئەوەی لە قوتابخانە بۆماڵەوە دەگەڕێتەوە، هەوڵدەدات بەهەمان شێوەی ئەو دیمەنەی لە دراما دۆبلاژکراوەکە بینیویەتی پەتێك هەڵبواسێت بۆ ئەوەی تاقیبکاتەوە چۆن لەناو دراماکە کارەکتەرەکە خۆی هەڵواسیووە نەخنکاوە، بەڵام بەداخەوە کاتێك ئەم پەپولەیە هەمان دیمەن دووبارە دەکاتەوە بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لەژیان دەکات**

---

**یوسرا دەیپرسی بۆچی ئایلین خۆی هەڵواسی و نەخنکا؟**

دڵشاد سابیر عەزیز باوکی یوسرا سەبارەت بەم ڕووداوە دڵتەزێنە پێی وتین «ئەو ڕۆژە کاتژمێر ٩:٢٠ خولەکی بەیانی کە بۆ دەوام دەچووم لەو کاتەیە کچەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم و ڕاستەوخۆ گوتی بابە وەرەوە یوسرا خۆی خنکاندووە، کە گەڕامەوە ماڵەوە بینم یوسرایان لەسەر دۆشەکێك داناوە و هەوڵی لەگەڵ دەدەن قسە بکات، دوای ئەوەی من کە چوومە سەربان بینیم یوسرا لەو ژوورە بەهۆی ماسیحەیەکەوە پەتێکی کردووە بەشیشی پانکەکە و دواتر خۆی پێوە هەڵواسیووە، دواتر کە پێیان زانیبوو لێیان کردبۆوە، بۆیە کە گەڕامەوە دەستبەجێ بردمە نەخۆشخانە، لەنەخۆشخانە دکتۆر و کارمەندەکان هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی گیانی لەمردن ڕزگار بکەن، بەڵام بەداخەوە هەوڵەکەیان بێ سوود بوو و یوسرا ماڵئاوایی لێکردین».

دڵشاد باس لەوە دەکات کە کچەکەی تەمەنی هەشت ساڵ و نیو بووە و خۆشەویستی ماڵەوە بووە، هیچ

ئا: سانە سلێمان

# لاساییکردنەوەی درامایەکی دۆبلاژکـــراو

## یوسرای چاوگەش خـۆی دەخنکـێنێت

کێشـــەیەکیان نەبووە. شەوی ١٢لەســـەر٢٠١١/٩/١٣ لەگەڵ خوشـــکەکەی ســـەیری زنجیـــرە درامایەکی دۆبلاژکـــراوی تورکی کردووە بەنـــاوی (ئایلین) کە لەیەکێك لـــە کەناڵە ناوەخۆییەکانی کوردی شـــەوانە پەخـــش دەکرێت، لـــەو زنجیرە درامایـــەدا یەکێك لە ئەکتـــەرەکان هەوڵی خۆخنکاندنی بـــە پەتێك داوە، بەڵام نەخنکاوە. بۆیە دوای ئەم دیمەنە ئەو پرســـیارە لای یوســـرا دەوروژێت کە بۆچـــی ئایلین نەخنکا و بەردەوامیش ئەم پرســـیارەی لە خۆشکەکەی دووبارە کردۆتەوە: (ئەوە ئایلین خـــۆی بەو پەتەوە کرد، ئەی بۆچی نەمرد؟) خوشکەشـــی پێی وتووە یوسرا گیان ئەوە فیلمە خۆ ڕاســـتی نییە، بەڵام بەیانی یوســـرا هەستاوە لاســـایی کردۆتەوە، بەڵام بەداخەوە کۆتایی بە ژیانی هات.

### بە هەمان شێوازی دراماکە خۆی بە پەتەکەوە هەڵواسیبوو

شـــنە دڵشـــاد لەدایکبووی ١٩٧٧ خوشکی یوسرایە، خۆی یوســـرای لە پەتەکە کردۆتەوە و ســـەبارەت بەو دیمەنـــەی بینیوویەتی بەمجۆرە بـــۆی گێڕاینەوە و وتی: شـــەو لەگەڵ من ســـەیری ئـــەو زنجیرە دراما دۆبلاژکراوەمان دەکرد، کە بینی ئایلین دەیەوێت خۆی بخنکێنێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، لەمنی پرسی ئەی ئەوە ئایلین بۆچی نەمرد؟ منیش وتم ئەوە فیلمە خۆ ڕاستەقینە نییە، لەو کاتەیە تۆزێ بێدەنگ بوو دوایی بەقسە هات و وتی: ئەمە مانای ئەوەیە هەر کەسێکی دیکـــەش خۆی بە پەتەوە بکات ناخنکێت؟ منیش وتم تۆ پێوەندیت بەوە نەبێت.

خوشکەکەی باس لە چۆنیەتی خۆ خنکانەکەی یوسرا دەکات و دەڵێـــت «بۆ بەیانی کـــە لەقوتابخانە هاتەوە ڕایکردە ســـەربان بۆ یاری کـــردن، دوایی تۆزی ئێمە سەرقاڵ بووین و دایکم بانگی کردم وتی بڕۆ سەیری ســـەربانەکە بکە بزانە یوسرا چی دەکات نەوەك لەسەر دیوارەکەوە پازی دابیتەماڵی دراوســـێیەکەمان، کەمن چوومە ســـەربان بینیم خۆی بە پتێکەوە هەڵواســـیوە ســـەیری ڕوخســـاریم دەکرد وامزانی پێم پێدەکەنی و گاڵتەم لەگەڵ دەکات، بۆیە چوومە هەورەبانەکە سەیرم کرد یاریەکانی ڕێز کـــردووە و تەماتە و خەیاری ورد کـــردووە و زەلاتەی بۆیاری ئامـــادە کردبوو، هەروەها لەلایەکی دیکەوە خۆی بە پەتەکەوە هەڵواســـی بوو، منیش بانگم کرد ئەوە بۆ واتکردووە و هەروەها شـــەقە زللەیەکیشـــم لێدا بۆ ئەوەی جوڵە بکات، کەچی سەیر ئەکـــەم هیچ دەنگی لێوە نایـــەت، بۆیە هاوارم کرد و بانگـــی دایکم کرد، کە دایکم هات بە هەردووکمان لە پەتەکەمـــان کردەو و دواتر تەلەفۆنم بۆ باوکم کرد، کە گەیاندمانە نەخۆشـــخانە، هەتا گەیاندنمان گیانی لە دەستدابوو، ئەوەی قەت لەبیرم ناچێتەوە ئەوەیە بەهەمان ئەو شـــێوازەی کە لە دراماکە شەو بینی بووی، هەر بەوشێوازە خۆی بە پەتەکەوە هەڵواسی بوو».

### کێ لەم جۆرە ڕووداوانە بەرپرسیارە؟

ڕووداوی هاوشێوەی ئەم ڕووداوە کارەساتن بۆ کۆمەڵگە، ڕاســـتە ڕووداوی لەو جۆرە تاراددەیەك دەگمەنە، بەڵام ئەمە یەکێکە لەو حاڵەتانەی دەرهاویشتە نەرێنیەکانیان گەیشـــتۆتە ئەم ئاســـتە، بەڵام لەوانەیە دەرهاویشتەی نەرێنی دیکەی لەسەر دەروونی هەزاران منداڵی دیکە بەجێهێشـــتبێت، بەڵام بە ئاستی یوســـرا دەرنەکەوتبن. ســـەبارەت بەم لایەنە باوکی یوسرا دەڵێت «من سکاڵا و گلەیەکی زۆرم هەیە لەســـەر کەناڵە ناوەخۆییەکان و هەروەها وەزارەتی ڕۆشـــنبیری کە لەو نێوانە ڕۆڵێکی زۆر لاوازی هەیە و ناتوانێت کەناڵەکان ڕێکبخات، ئەو کەناڵانە بەبێ ویژدانانە بازرگانی بە مێشك و دەروونی ئەو خەڵکانەوە دەکەن و ئەوکچە بچووکەی منیش بووە قوربانی ئەو بێ بەرنامەییە».

### بەهۆی ئەو دراماyanەوە منداڵانی هەموو کوردستان تووشی پەروەردەیەکی ناتەندروست بوون

ڕێزان بایز دایکی یوســـرا دەڵێت « ئەمڕۆ منداڵی من بەو شێوازە لە ناوچوو لە داهاتوو منداڵی تریش بەهەمان جـــۆر دەڕوات، ئەگەر بێت و ئـــەو بارودۆخە کونترۆڵ نەکرێت، ئەوا لەســـەر دەســـتی ئـــەو ڕاگەیاندنانەوە منداڵانی هەموو کوردســـتان تووشـــی پەروەردەیەکی ناتەندروســـت دەبن و نەوەیەکی ناتەندروستیش دروست دەبێت».

### کەناڵێکی پەروەردەیی تایبەت بەمنداڵانمان نییە

د.دلێـــر ئەحمـــەد ســـەرۆکی بەشـــی ڕاگەیاندن لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر دەڵێت «ئێمە لە کوردستان کەموکورتیەکی گەورەمان هەیە، ئەم هەموو کەناڵە هەیە کەچی کەناڵێکی پەروەردەیـــی تایبەت بە منداڵانمان نییـــە کەناڵێك بۆ هەر چوار پارچەی کوردســـتان بێت وەکو ئەو کەناڵـــە لۆکاڵیە ناوەخۆیانـــە نەبێت، هەموو منداڵێکی کورد سوودی لێ وەربگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا تاوەکو ئەمڕۆ کەناڵەکانی ئێمە نەیانتوانیوە وەك کەناڵە پێشـــکەوتووەکانی جیهان لەکاتی پەخشکردنی بابەتێك لەسەری بنووســـرێ ئەمە بۆ چ تەمەنێکە، بۆ نموونە بۆ سەروو (١٣) ساڵانە یان خوار (١٨) ساڵانە ئەگەر ئەمـــە هەبێت لە گشـــت کەناڵە کوردیـــەکان ئەوکات کەمێك مەترسیەکانی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگە کاڵتر دەبێتەوە».

### سەرقاڵی دایك و باوکان هۆکارێکی دیکەیە

پرۆفیســـۆر دکتور ( صباح ئەحمـــەد نجار) توێژەری کۆمەڵایەتـــی دەڵێت منداڵ پێویســـتە بە شـــێوەیەکی ڕاستەقینە پەروەردە بکرێ، بەڵام لەجیهانی ئەمڕۆ دایك و باوکان ناتوانن سانسۆر لەسەر منداڵەکانیان دابنێن کە ســـەیری چ بابەتێك بکات یان سەیری نەکات، چونکە هەر ماڵێك دوو ســـێ تەلەفزیۆنـــی تێدایە، لەلایەکی تریش دایك و باوکەکان سەرقاڵن بە کاری ڕۆژانەیان و ناتوانـــن ئەوەندە بە منداڵەکانیانەوە پەیوەســـت بن، بۆیە پێویســـتە کەنالێکی تایبەت بە منداڵان هەبێت، چونکـــە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی ئێمـــە تەنیا لایەنە ناشیرینەکانی کۆمەڵگە بەدیار دەخات».

ئەو توێژەرە پێوایە پێویستمان بە شارەزای زیاتر هەیە لەپەروەردەکردنی منداڵ لەرێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە خەڵکی ناو کۆمەڵگە زیاتر هۆشیار بکرێتەوە تا بتوانن بە نەرمونیانی بەشێوەیەکی زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ هەموو مەترسیەکان بکرێ بۆ چارەسەرکردنیان».

### کەسایەتی منداڵ لەلاسایی کردنەوە دروست دەبێت

منداڵ وەك ئەوەی پێناسەی کراوە لە تەمەنی یەك ڕۆژەیـــەوە بەمنداڵ دەژمێردرێ تاوەکو ســـنووری ١٢-١٣ ســـاڵ، دواتر بە هەرزەکار دەژمێردرێ و لە ١٨- ١٩ ساڵ بەگەنج دەژمێردرێ.

ئەو ماوەی کە پیێ دەوترێ منداڵ بەتایبەتی پێنج ســـاڵی یەکەمی قۆناغی ژیانی زۆر هەســـتیارەو مەترســـیدارە، چونکە لەوکاتـــەی تەمەنی هەموو بنەما و بناغـــەو بیروبۆچوونەکانـــی لێکدانەوەی لـــەم ماوەیەدا دەبێت و ئـــەو دیاردانەی کە بەچاو دەبینرێ و بەگوێ هەســـتی پێ دەکرێ، ڕۆڵێکی گـــەورەی دەبێـــت لـــە دروســـتکردنی ئایندە و کەســـایەتی ئەم مرۆڤە. دەتوانین بڵێین هەموو ئەم بابەتە توندوتیژانەی تاوەکو فیلمی کارتۆن و یاری ئەتاری منداڵان کە توندوتیژی تێدا بەدی دەکرێت، منداڵ بەکاری بهێنیت. ئەمانە گشـــتیان ڕۆڵێکی مەترســـیدار دەبینن. لەمبارەیەوە توێژەری دەروونی د.ســـیروان عبدالله جیاوك دەڵێت «دروســـتبوونی کەســـایەتیەکی بـــەردەوام بەلاســـایی کردنەوەیە لەتەمەنی بچووکەوە، بۆیـــە کاتێك توندوتیژی لە تەلەفزیۆنێك دەبینێت لاســـایی دەکاتـــەوە تا وای لێدێت هەست دەکات ئەم شەڕانگێزیە ڕەوشتێکە لە پێوەندی کردن لەگەڵ دەورپشتی خۆی. لێکۆڵینەوە دەروونییەکان ئەوە دەســـەلمێنن کە ئـــەو منداڵانە کاتێك کە گەورە دەبن دژی کۆمەڵگە ڕادەوەســـتن و لـــە هەموو بونەوەرێکی دەوروبەریان مامەڵەیەکی شەڕانگێزیانە بەکاردەهێنن و ئەگەری تووشبوونیان بەچەندین نەخۆشی دەروونی هەیە، وەك خەمۆکی و وەسواسی و نەخۆشی هستریا».

د.ســـیروان ئاماژە بـــەوەش دەکات هەقـــە لایەنە پێوەنـــدداەرەکان لەوە زیاتر بێدەنـــگ نەبن، چونکە مردنی منداڵێك بەوجۆرە کارەســـتێکی گەورەیە و ئەگـــەری ئەوە هەیە کـــە ڕووداوی لەو جۆرە بڵاو بێتـــەوە، چونکە منداڵ لـــەو تەمەنە تەنیا هەوڵی لاســـاییکردنەوەی دەوروبـــەری دەدات، هەروەهـــا پێویســـتە دایك و باوکان پلانی تایبەتیان هەبێت و نەخشەی ڕۆژانە بۆ منداڵەکانیان دابنێن.